هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

نیــە ، بۆیــە لــەم هۆنــراوەیــە یــدا بــەم شیوەیــە باسمان بۆ ئەکات‌و ئەڵێ :

شەهێنی ، دڵرفێنی ، خەم رەوێنی ، روو گەشی جوانی
حەسودکوێربێ ، لە ئاستت ئەی‌کچی نازداری بۆتانی
لــەبەر بەژنی بڵنـدو نـاسکت هەقیـانـە سەر داخەن
چنارو عەرعەرو شمشاود، کاج‌و سەروی بۆستانی
لـە شۆخو شەنگیـا وێـنەم نـەدیوی ، شەرتـە نـازانم
لـە حۆری هـەڵبراوی ، یـا لە تیرەو هۆزی پەریـانی
لـە وەردی خـاڵی کـوڵمت (ئـەرستۆ) واقی وورمـاوە
لـە تـەسویـری برۆی تۆ عـاجزو بێ‌چارەیـە (مـانی)
(خدر) بۆ هێندە عەبداڵ‌بوو بە دوی سەرچاوەکەی ژینا
تنۆکێکە لە نیو شێوی مەمـانت ئاوی حـەیـوانی
لـە چاغی پیری‌یا دیارە وەها بۆت‌بوومە پەتـیارە
لەوانەم مل بدەم بەو کارە کردی (شێخی سەنعانی)
مەرێژە پێم رقو قینت ، بە دڵ هاتوومە سەر دینت
قبوڵمـە ، کێش‌و ئایینت ، مـەسیحی یا موسڵمانی
لە وەسفی ئەو خەتو خاڵە ، قەڵەم کۆڵە ، زمان لاڵە
دەمم بەو دوو لیمۆ کاڵە ، نەگا دەمرم لە سوێ‌یانی
بە دیمەن گەرچی منداڵی ، لە عاشق کوشتنا زاڵی
نـەوەی کـاوەی دلێری یـا بـەرەی سامی نـەریمانی
سەرم گۆیە لە مەیدانت ، دڵم دیلە لە زیندانت
لەشو گیانم بە قوربانت ، فریشتە خوو ، خوای جوانی
ئەویندارێکی دڵ پاکم ، لە سوێ‌ی ئەو یارە خەمناکـــم
لـە گەردوونیش نیە باکـم ، بگا دەستم بە دامانی

° ° °

ماموستا دەباغی هونەرمەندو بێ‌بەش لە رۆشنایی چاو لە شیعر دانانا لە هەموو بوارێکی داوە. ئەمەش بەشێکی هەڵبژاردە بوو لە هۆنراوەکانی ، هیوام رەزامەندی خوێندەرانە .

●

# ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی

لە ژمارە (٥٦) ی گۆڤاری (کاروان)ی هێژادا ، بەشی (رەخنەو لێکۆڵینەوە) بە ناونیشانی «فەرهەنگی قوتابی» لەبەر تیرۆژە تیشکێك ، کاك ئازاد حەمە شەریف ووتارێکی دەربارەی فەرهەنگی قوتابی نووسیوە ، بە پێویستم‌زانی بە بیروڕای خۆم وەك بەشدارێکی لیژنەی وەرگێڕانی ئەو فەرهەنگە لە لایەنە تەواوو ناتەواوەکانی بۆچوونەکانی ئەو برایە بدوێم کە بە نووسینەکەیدا لەوە ئەچێ ماموستای ئینگلیزی بێ‌و بە داخەوە نە بەڕاستی‌و نە بە نووسین بە دیداری شاد نەبووم ، وادیارە سەرەتای نووسین‌و رەخنەگرتنی بێت ، بەوەدا کە توندو تیژی‌و هەڵچوون‌و لە هەندێ شوێندا گاڵتە پێ‌کردن‌و نیمچە هێرش‌و بەرەنگاری لە نووسینەکەیدا بەدی ئەکرێت . . ! ، لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا خودی خۆم دەستی نەوازش‌و رێزو خۆشەویستی بۆ بە سنگەوە ئەگرم کە دڵسۆزی‌و بە تەنگەوەبوونی (بەکوردی خوێندن) هانی‌داوە ئەوە بنووسێ ، هەرچەندە لەو باوەڕەدام لە بارەی ژمارەی هەڵەکانەوە پێوەنانی تیایێ‌و کارەکەمان ئێجگار وایێ‌پێزو ئایەخ نەبێ‌و ، بەخوا برالە ئێمەش دڵسۆزی مەسەلەکەین‌و ئەوەندەی تۆ هەر بە تەنگەوەین‌و بە پێ‌ی ماوەو بواری ئیشەکە ماندووبوین‌و هەوڵمان‌داوە بەرهەمێکی رێك‌و پێك پێشکەش بکەین . . . !

جارێ زۆر دەمێکەو ئەوەتەی وەرگێڕان‌و بژارکردنی کتێبەکانی خوێندن هاتووەتە کایەوە بە بیروڕاو بۆچوونی خۆم ئەمەوێ چەند ووشەیەك دەربارەی ئەو مەسەلەیە بنووسم‌و لە بوارێکدا ئەو کێشەو گیرو گرفت‌و کەم‌و کوڕی‌و لایەنە باش‌و خراپانەی هاتوون‌و دێنە رێی ئەو کارە بخەمە پێش چاو تا زۆر لایەنی تاریك‌و نادیار بۆ خوێنەرو رۆشنبیرانی دڵسۆزو بە

# «فەرهەنگی قوتابی» لەبەر تیرۆژە تیشکێک

جەمال عەبدول

تەنگەوە هاتووی مەسەلەکە روون بێتەوە کە رەنگە لە دوورەوەو ئەوانەی لە ناوجەرگەی ئەو کارانەدا نەبن‌و بەو تاقی‌کردنەوانەدا تێ‌نەپەڕیبن بە هەڵەو کاڵ‌و کرچی‌و رووکەش لە زۆر شت بگەن‌و نەتوانن وەك راستی‌یەك ئەو لایەنانە هەڵسەنگێنن‌و بە پێوانەیەکی راست‌و زانستانە مافی خۆیان بدەنێ، نەك هەر لە دوورەوە تفەنگ بنێن بە تاریکی‌یەوەو هاوبەشی کردنە کەیان هەر قسەی زل‌ی پف هەڵدراوو تیرو توانج لەمەو گاڵتە بەوو بە فیزێکەوە تەشەرکردن‌بێ بەکارو بەری رەنج‌و ماندووبوونی یەکێکی تر..!، بێ ئەوەی هیچیان لە بارداب‌ی‌و هیچ بگرنەخۆیان و وەك هەر مەسەلەکە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی بەوانەوە نەبێ‌و خۆیان رۆڵەی ئەو نەتەوەیە نەبن وابێ!

جا هەرچەندە زۆر بە داخەوە ئەڵێم..، هەر لە سەرەتای دەست‌پێ‌کردنی بە کوردی خوێندن‌و وەرگێڕانی کتێبەکانی خوێندنەوە بۆ زمانی پیرۆزی کوردی، (بە زۆری)، گەلێك داب‌و تەریت‌و لێکدانەوەو سۆزو ناوو رواڵەت‌و شتی سەیر لێك ئەدرایەوە بۆ دەست نیشان‌کردن‌و دانانی ئەو کەسانەی ئەو ئەرکەیان پێ ئەسپێرراو مەسەلە بنچینەیەکە ئەکرا بە قوربانی ئەو شتانە، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە مەترسی‌و بەرپرسیاری ئەنجامی ئەو کارە..! هەرچۆنێك‌بوو کتێبەکان کران بە کوردی‌و لە گەڵ ئەو هەموو کەم‌و کوڕی‌و دژواری‌و سەلبی‌یاتانەی هەبووەو هەیە، بەلای منەوە پێویستە ئەگەر سەری نەوازش‌و رێز بۆ ئەوانە دانەنەوێنرێ کە بەشداری ئەو ئیشانەیان کردووە (کەم یازۆر)، هیچ نەبێ بە نارەوا قسەیان پێ نەووترێ..!، چونکە بمانەوێ‌و نەمانەوێ ئەگەر هەمووشیان نەبێ زۆربەیان بە پێ‌ی تواناو لێ‌هاتوویی‌و دڵسۆزی خۆیان ماندووبوون‌و بە دوای ووشەو زاراوەی زانستی‌و هەمەجۆری تراگەڕاون‌و کون‌و کەلەبەری زمانەکەیان پشکنیوەو ووشەو زاراوەی نوێ‌یان داتاشیوە کە بە پێ‌ی سەلیقەو کارامەیی ئەو کەسانە زۆر زاراوەی گونجاوو جوانیان هێناوەتە کایەوەو گەنجینەیەکی بە نرخیان پێکەوە ناوە بۆ نەوەی داهاتوو..!

بێ‌گومان کارێکی وا مەزن‌و فراوان‌و ئاڵۆزو لە باری نەتەوەیەکی کلۆڵی وەك (کورد)دا.. کەم‌و کوڕی‌و ناتەواوی‌و هەڵەی هەر تیا ئەبێ و زاراوەی چەوت‌و دزێوی هەر تێ ئەپەڕێت.. بەڵام ئەگەر بە هێمنی‌و چاوێکی وردو راستی بینەوە بڕوانینە خۆمان ئاخۆ کامان لەو بوارەدا پێویستی سەرشانمان بەجێ هێناوەو مەسەلەکەمان بە گرنگ داناوەو هەوڵمان داوە هەر کەسە بە پێ‌ی تواناو لە بواری دەسەڵاتمانا ئەو کتێب‌و بڵاوکراوانە بخوێنینەوەو دڵسۆزانە شەن‌و کەویان بکەین‌و لە هەر کوێ‌یەکدا کەم‌و کوڕی‌و هەڵەیەکمان بەرچاوکەوت راستیان بکەینەوەو بە دوای دوو. ووشەی گونجاوتردا بگەڕێین‌و لە جێ‌یان دابنێین.. ئەوی راستی‌بێ داخ‌و خەفەتی ئەم باسە ئەوەندە زۆرو پەل‌و پۆ هاوێشتوو ئاڵۆزە باس‌و نووسینێکی سەربەخۆی ئەوێ..، بۆیە باشتر وایە بێینەوە سەر باسەکەمان‌و مەسەلەی فەرهەنگەکەی لە مەڕ خۆمان‌و نووسینەکەی کاك ئازاد..

پێشەکی ئەوەتەی ئەو فەرهەنگە بڵاوبووەتەوە، یان وردتر بڵێم چاپ‌کراوە (چونکە بە داخەوە بڵاونەبووەتەوە!!)، خودی خۆم خەریکی پیاچوونەوەو هەڵسەنگاندن‌و شەن‌و کەوو راست‌کردنەوەو بە دوای زاراوەی باشترو گونجاوتردا گەڕان‌و بژارکردنی ئەو فەرهەنگەو تەواوکردنی کەم‌و کوڕی و ناتەواوی یەکانیم بە پێ‌ی توانای خۆم و چاوەڕوانی ئەوەم خوێندەواران‌و

ماموٚستایانی پسپوٚڕو شارەزایان کەم یازۆر بە چاوی ڕەخنەو بایەخ تێ‌ی بڕوانن‌و بە هی خۆیان‌و ئەو نەتەوە داماوەی بزانن (وەك هەموو بەرهەمێکی تر) و لە هەرکوێ‌یەکدا هەڵەو ناتەواوی – یەکیان بەرچاوکەوت هەرکەس بە پێ‌ی بۆچوون‌و توانای خۆی کەم یازۆر لیژنە وەرگێڕەکە یان شوێنی پەیوەندیدار ئاگاداربکەن‌و هەموو هاوکاری بکەین لە چاپەکانی داهاتوودا (ئەگەر چاپ بکرێتەوە . . !!) ئەو هەڵەو کەم‌و کوڕی‌یانە نەهێڵین‌و بیکەینە بەرکوڵە سەرچاوەیەك لەو بارەیەوە بۆ سوود لێ‌وەرگرتن‌و گەشەپێ‌کردن‌و خەملاندنی لە دوا ڕۆژدا . بەلاٚم داخی گرانم تائێستا تەنها دوو کەس ئەو ئەرکەیان بەجێ هێناوە . برای ڕۆشنبیرو دڵسۆز کاك مستەفا سلێمان‌و ئەم کاك ئازادەی لەمەر خۆمان کە ئەبوایە (وداوا کارم لێ‌ی) کارەکە بە تەواوی بەجێ بهێنێت‌و هەر (دوو هەزار پتر هەڵە) کە شەن‌و کەو بکات‌و شی بکاتەوە و بیخاتە بەرچاوی خوێنەری کورد (ئەگەر کتێبێکیشی لێ دەرچووە) بۆ ئەوەی سوودی لێ‌وەربگیرێت لەو بارەیەوەو نە ئەوو نە ئێمەش‌و نە خوێنەری (چاوەڕوان)یش هیچمان ئەو داخەمان لە دلاٚ نەمێنێ‌و وەك ئەڵێن (نەیبەینە گڵ . . !) .

بێینەوە سەر نووسینەکەی (کاك ئازاد) دەربارەی فەرهەنگەکە بەم جۆرە دەست پێ‌دەکات : « . . ئەوەندەی من بزانم دووان لەو چوار ماموٚستا بەرێزانە ئینگلیزی دەزانن . بەلاٚم خۆزگە هەرکە خۆیان بەو ئیشە خەریك‌کرد چاوێکیشیان بە فەرهەنگێکی ئینگلیزیدا بگێڕابوایە تا نەك ووشەی ڕووت‌و قووت لە عارەبی‌یەوە بۆ ئێمە بکەنە کوردی» . . تا ئەگاتە ئەوێ کە ئەڵێت . . «هەر ئەوەشە ئەو چوار ماموٚستا ئازیزەی تووشی پتر لە دوو هەزار هەڵەی جۆراو جۆر کردووە . .) .

جارێ ئاشکرایەو لای هەموان ڕوونە کە مەرج نی‌یە هەر ماموٚستای ئینگلیزی ، ئینگلیزی بزانێت‌و هەر ماموٚستای عەرەبی عەرەبی بزانێت‌و . هتدو ماموٚستای ئینگلیزی نەبێ کەس بۆی نەبێ پەنجە بدات لە هیچ وەرگێڕان‌و فەرهەنگ کاری‌و کارێکی تری لەو بابەتەوە . . ! . لە گەڵ ئەوەشا لیژنەکە سێ ماموٚستای ئینگلیزی تیابووەو بە بیروڕای من ئەبوایە نەك هەر ماموٚستایەکی کیمیاو یەکێکی فیزیاو یەکێکی زیندەوەرزانی‌و بابەتی تریشی تیا بوایە بەڵکو هەر بابەتە لیژنەیەك زاراوەکانی وەربگێڕایەو دابڕشتایەو باشتریش وابوو لەو لیژنانەدا ماموٚستایانی هەموو شێوە دووانەکانی زمانی کوردیشی تیابوایە بۆ ئەوەی کارەکەیان فراوانترو ڕێك‌و پێك‌تر بوایە . بەلاٚم داخەکەم وادیارە کاك ئازاد قسە لە تێری ئەکات‌و ئاگای لەوەنی‌یە ئەو کارە بە (دوومانگ) ڕاپەڕێنراوەو بەری ماندووبوون‌و شەونخوونی دوو مانگەو مەگەر یەکێك نرخی ئەو ئەرك‌و ماندووبوونە بزانێ کە چەشتبێتی !! . زۆر هەوڵ‌و کۆسپ‌و گیرو گرفت هێنراوەتە ڕێی چاپ‌کردنی ئەو فەرهەنگەو ڕەنگە ئەگەر لەو ماوەیەدا فریا نەکەوتایە (چاپ نەکرایە . . !) کەواتە بالای کاك ئازاد ئاشکرابێ و ئەوە بزانێت کە کارێکی وا نە تەنها بە ماموٚستای ئینگلیزی (ئینگلیزی‌زان) . و نە تەنها بە ماموٚستای زانستی تری (ئینگلیزی نەزان) ڕاناپەڕێت‌و هیچیان بێ ئەوی تر بەرهەمێکی ڕێك‌و پێکیان نابێ‌و با کاك ئازاد لەوەش دڵنیابێ کە سەیری فەرهەنگی ئینگلیزیش کراوەو کارەکە هەروا سەرپێ‌یی‌و نادڵسۆزانە نەکراوەو لەو باوەڕەدا بێ سوود لە زۆربەی فەرهەنگەکان‌و ئەو کتێب‌و سەرچاوانەی کە هەن وەرگیراوەو ئەو لایەنەش ڕەچاوکراوە کە زاراوەکان لە گەڵ ئەو زاراوانەشدا گونجاوبن کە لە کتێبەکانی خوێندندا بەکار هێنراوون‌و قوتابی و ماموٚستاش پێیان ڕاهاتوون . جگە لەو سێ ماموٚستای ئینگلیزی‌یەی لیژنەکە . ماموٚستایەکی تری ئینگلیزی زان‌و دڵسۆزیش [1] بە هەموو فەرهەنگەکەدا چووەتەوەو بە یاریدەو ڕابەری ئەو توانیومانە نزیکەی هەزار هەڵەیەکی (ئینگلیزی – عەرەبی) یەکە نەهێڵین . . و ڕەنگە ئەوەش نەزانێ کە ناتوانین بە موو لە (ئینگلیزی عەرەبی) یەکە لابدەین‌و . . تەنانەت وەزارەتی پەروەردە سوپاسی ئەو ماموٚستایەی‌کرد لەو بارەیەوە .

**هەڵەکانی پیتی (A)**

(فەرهەنگی قوتابی) ئامرازی نەناسین (هەڵەیە) P.13

1 – A. a(n.)

(قاموس الطالب) : عارەبی‌یەکەی (اداة تنكير)

کەواتە ڕاستیەکەی بە کوردی دەبێتە (ئامرازی نەناساندن) ! نەك نەناسین چونکە تۆ دەتەوێ بەو ئامرازە شتێك نەناس بکەیت نەك لە خۆیەوە نەناسراوە .

ئائێستا لە هەموو سەرچاوە کوردی‌یەکاندا گەلێ زاراوە بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێنراوون وەك (نیشانەی ناسینەوە) . (ئامرازی ناسینەوە) . (نیشانەی ناسیاوی) . هتد . کە ڕەنگە (ئامرازی نەناسین) یان (پێ‌نەناسین) یش هەر شتێك بن لەو بابەتانەو هەڵە نەبن‌و با (نەناساندن)[2]ەکەی کاك ئازادیشی بچێتە سەر .

2 – abhor (v.) (هەڵەیە) (ف . ق) قێزی دەبێتەوە

**(ق . ط) يمقت**

چونکی (يمقت) لە عارەبی ووشەکەش بە ئینگلیزی تێپەڕە نەوەك وەکو مامۆستایان لێکیان داوەتەوە . کەواتە کوردی یەکەی دەبێتە (قێزی لێ دەکاتەوە) نەك (قێزی دەبێتەوە لەچی ؟ دیارنی‌یە) کەچی ئەگەر وەك تێپەڕ بنوسرێت دیارە کەشتێك قێزی هەڵساندووە .

ئەمەشیان وابزانم لێ‌دوانی نەوێت‌و (قێزی دەبێتەوە) یان (قێزی لێ دەبێتەوە) . یان (قێزی لێ دەکاتەوە) یەك بابەتن‌و مەبەست ئەپێکن .

(ف . ق) ناوازە . پێ‌زانەهاتوو (هەڵەیە)

3 – abnormal (adj.)

(ق . ط . ) شاذ غير مالوف عليه .

لە فەرهەنگی خاڵ بەشی سێ‌یەم لاپەڕە (٣٣٣) دا دەنووسێت ناوازە . ناوودار .

لە ناوو داویش نووسراوە (شۆرەت‌و ناوداری) . ئای لە مانای (ناوازە) و ((abnormal) ی ئینگلیزی ! هەر بە تەواوی پێچەوانەن . هەروا مامۆستا توفیق وهبی‌و ئەدمۆنز لە فەرهەنگەکەیان لە بەرامبەر ووشەی (ناوازە) دوو ووشەی (wonderful . rare) یان داناوە ، خۆ لە فەرهەنگی Oxfordی ئینگلیزدا بە مانای شتێکی نائاسایی (خراپ) نەك چاك وەك مامۆستایان لێکیان داوەتەوە بە ووشەی ناوازە . کەواتە کوردی‌یەکەی ئەگەر ووشەی (بیژۆك یان نا ئاسایی ، تاباو) دابنرێت دەقات چاکترو ڕاست‌ترە .

(ناوازە) بە مانای نائاسایی لەکوردیدا بەکار ئەهێنرێت چ بەلای چاکی‌و چ بە لای خراپیدا . تەنانەت لە فەرهەنگی (المورد) یشدا بە هەر دوو واتای چاك‌و خراپ هاتووە کەبەرانبەر (rare) دەڵێت : (١) مخلخل . قليل الكثافة (air ) (٢) فذ (٣) نادر (٤) غير منضج (بالطهو) جيدا .

بیژۆك[3] : بەو کەسە ئەوترێ کە یەکسەر پاش شووکردن سکی پڕ ئەبێ (بڕوانە فەرهەنگی توفیق وهبی – ئەدمۆنس) Who conceives immediately after marriage

یان تەنانەت بە بزن و مەڕیش دەڵێن کە بەگیسکی‌و کاوڕی ئاوس بێن‌و بزێن (بڕوانە فەرهەنگی خاڵ جزمی یەکەم لاپەڕە ١٩١) . کەواتە بیژۆك بە شتێکی نائاسایی خراپیش دەووترێ و لێکدانەوەکەی فەرهەنگی قوتابی بەهەڵە دانانرێ ، و لە کوردیدا زۆر باوە کە بڵێت پیاوەتی‌یەکی کرد یان ئازایەتی‌یەکی نواند کە بە ناوازە بگێڕرێتەوە .

4 – aboard (adv.) (ف . ق) لەسەر کەشتی (هەڵەیە) شەمەندەفەر ، فڕۆکە

(ق . ط) على متن (سفينة ، قطار ، طائرة)

بابزانین بۆ کوردی یەکەی هەڵەیە . کورد هەرگیز ناڵێت (لە سەر کەشتی یان فڕۆکەدابووم) چونکە خۆ کورد ئەو شتانەی بە ئەسپ‌و گوێ‌درێژ تێ‌ناگات تاسواری پشتی فڕۆکە یان شەمەندەفەربێ ، کەواتە کورد دەڵێت (لە ناو ئەو کەشتی‌یەبووم کە نغرۆبوو ، یالەو فڕۆکەیەدابووم کە دەچووە زۆریخ . یان لە ناو ئەو شەمەندەفەرەدا بووم کە دەچووە بەغدا کەواتە بۆ ئەو ووشەیە : لە ناو (کەشتی ، شەمەندەفەر ، فڕۆکە)

بنرێت زۆر لەبارترە .

وابزانم (لەسەر) پڕبەپێستی (علی متن) بێت ، (لە
و)ەکەش بۆ ئەو سیانە هەر راستە ، هەرچەندە کورد کە لە
ستەدا بەکاریان دەهێنێت هیچیان نالێت ، وەك ئەوەی کە
لێت : (لەو) فڕۆکەیەدا بووم کە دەچووە زۆریخ ، (لەو)
ەشتی‌یەدا بووم کە نقومبوو ، یان ئەلێت لە وولاخ کەوتووەتە
وارەوەو . . هتد ، ئەگینا (ئێمەش) وەك (کورد) کەشتی‌و
ەمەندەفەر و فڕۆکە بە ئەسپ‌و گوێ‌درێژتی‌ناگەین تاسواری
شتی‌ببین . . !!

5 — absent — minded (هەڵەیە) گێژ ، وور (. ق . ف
(cadj.          (ق . ط . ) شارد الذهن

ئەگەر تەماشای فەرهەنگەکەی توفیق وهبی‌و ئەدمۆنز بکەین
ەبینین نووسیوێتی (وور dizzy ، گێژ : (giddy) ، هەروا لە
نگلیزی‌یەکەش ماناکە پێچەوانەی فەرهەنگی قوتابی دێت . لە
ەرهەنگی (Oxford) و ( (webster's)دا .دەڵێت : (ئەو
حاڵەتەیە کە کەسێك ئەوەندە لە گڕ فکران راچووە فڕ ئاگای لە
ونیاو دەوروبەری نەماوە) کەواتە لە ئینگلیزی‌یەکەی ئەو
دلولە دەدات کە ئەو کەسەی وای لی‌هاتووە وورو گێژو نەزان
ی‌یە بەڵکو کەسێکە پتر لە خەڵکی ئاسایی بیر دەکاتەوە ، نەك
وەك پێچەوانە ، کەواتە کوردی‌یەکەی بە مانای (خەیاڵ بردە ،
یر شاش) دێت .

وابزانم کە کوردیدا زۆر باوە کە ئەگوتجێ مرۆڤێکی زۆر زاناو
لیمەت بە هۆی شەکەتی‌و ماندووبوون یان هەندێ رووداوەوە
ای لی‌دێت گێژ دەبێت‌و ئاگای لە دەورو بەری خۆی نامێنێت
ان کە سەرخۆش‌و مەست ئەبێت . . ، خۆی لە راستیدا شارد
الذهن بەواتا ( بیرو مێشك ئاوارەو وون ولای خۆ نەماو)
دێت ، بە رای من (وورو گێژ) پەسەندترە لە (خەیاڵ بردەو بیر
شاشەکەی) کاك ئازاد ، خۆ رەنگە ووشەیەك یان چەند
ووشەیەکی لە بارتریش هەبێ لە کوردیدا بۆ ئەو مەبەستەو ئێمە
ەیزانین !

6 — abstain (v.) (هەڵەیە) نایکات (ف . ق)
(ق . ط .) یمتنع او یمسك عن

ئائێستا روونە وشەی (نایکات) ی کوردی چەند لە مانا راستەقینەکەی ئینگلیزی‌یەکەی دوور کەوتۆتەوە ، کەواتە بە کوردی‌یەکەی بە مانای (لە خۆ دەگرێتەوە) دێت .

ئاخۆ بۆ (نایکات) هەڵەبێ‌و (لە خۆدەگرێتەوە) راست‌بێ‌و وا لە کاك ئازاد بکات بە دڵنیایی بڵێت : «ئائێستا روونە ووشەی (نایکات) ی کوردی چەند لە مانا راستە قینەکەی ئینگلیزی‌یەکەی دوورکەوتۆتەوە» . .

7 — accent (n.) (هەڵەیە) زمانگرتن ، لاڵی (ف . ق)
(ق . ط) شدة في النطق ، لکنە

جاری با بزانین (شدة في النطق ، لکنە) بە مانای زمانگرتن‌و لاڵی دێت یان نەء ، (هەموو ئینگلیزی زانێك دەزانێت بە لاڵی لە ئینگلیزی دەووترێت (dumbness) و بە زمان گرتنیش دەڵێن (Stammering) ، ئەمە لە لایەکەوە . لە لایەکی دیکەوە (شدة في النطق) هەرگیز بەو مانایانەی ناو (فەرهەنگی قوتابی) نایەت . مامۆستایانی ئازیزم مانای ئەو ووشەیە لە کوردی وادێت (ووشە گرانکردن ، زمان گوشین) ئەوە بۆ «شدة في النطق» ، بۆ (لکنە)ش (شێوەی قسەکردن) دێت یان (شێوەی دوان) نازانم (زمانگرتن‌و لاڵی) چ پەیوەندی‌یان پێرەوە هەیە ؟

لە (المنجد)دا (هەروەها لە مختار الصحاح دا) . (لکنە) والێك دراوەتەوە لکن — لکناو لکنە و لکونە ولکنونە الرجل : عي وثقل لسانە فهو الکن م لکناء ج لکن
تلاکن في کلامە : اری من نفسە اللکنە لیضحك
اللکنە (مص) : عجمە في اللسان او ان تعترض علی کلام المتکلم اللغة الاعجمیة .

مامۆستا مەلا عبد الکریم ی مدرس لە (دوو رشتە) کەیدا لاپەرە (٢٩) ئەفەرموێ الکن : زمانگر عەیبی جەمالە خۆی لە راستیدا لکنە یان الکن : بە تەواوی لاڵیو لاڵ ناگرێتەوەو پڕ

پێستی‌نی‌یە ، چونکە لاڵی و لاڵ (بکم وابکم)ە بەڵام واباوە کە یەکێك نەتوانێ پیتێك دەرببڕێت یان بە ڕەوانی بدوێ لای خۆمان پێ‌ی دەووترێ لاڵە یان لاڵە پەتەیە یان زمانی پسە یان نیوە زمانەو . . هتد . بەڵام ئاخۆ چەند کەسی تر بیستبێتی بە (شدة في النطق) بووترێ «ووشە گران کردنو ، زمان گوشین ! ؟» ، (شێوەی قسە کردن) و (شێوەی دوان) یش زۆرتر (لهجه) ئەگرێتەوە نەك (لکنە) .

(ف . ق) قایل (هەڵەیە) 9 – acceptable (adj.)

(ق . ط . ) مقبول

**ڕاستە (پێ‌قایل) یان قایلکەر یان پەسند لە قایل جوانترە . زاراوەی دەیەم یش هەر بەو پێ‌یە .**

(ف . ق . ) ئاسان (هەڵەیە) 11 – accessible (adj.)

(ق . ط . ) ممکن ، سهل الوصول الیه .

جارێ ئاسان لە ئینگلیزی بە مانای (Simple , easy) دێت بەڵام هەرگیز بە مانای ئاسانێکی ڕووتو قووت نایەت . کەچی مانای ئەو وشەیە لە کوردیدا پڕ بە پێستی (لە بەردەستان) دێت .

لەمەیان نەدوێین باشترەو ئەیخەمە بەرچاوی خوێنەر ئاخۆ (لەبەردەستان) بۆ گونجاوترێ لە (ئاسان) ؟ !

(ف . ق . ) هەوار 12 – accomodation(n.)

(ق . ط . ) سکن

**لە فەرهەنگی (المورد) بەرامبەر ئەو ووشەیە نووسراوە (وسائل الراحة والتسلیة – بما فیها المبیت والطعام –)**

مامۆستا وەهبی و ئەدمۆنزیش دەڵێن هەوار (camp)ی ئینگلیزی‌یە . کەواتە (هەوار) ەکەی فەرهەنگی قوتابی هەڵەیەو بە کوردی بە مانای (خواردنو نوستن) دێت (بەڵام بە مانا زاراوەیی‌یەکەی نەك بە مانا ڕەمەکی‌یەکەی) چونکە دەڵێت : کابرا لە زانکۆ دەخوێنێتو (خواردنو نوستنی) لە سەر میری‌یە .

ئەوی ڕاستی‌بێ زۆر زیاتر لەوەی بە بیرایێ گەرام بە دوای زاراوەیەك پڕ بە پێستی (سکن)ی عەرەبی بێت لە **هەوار نزیکترم بەرچاو نەکەوت کە بە مانای شوێنی نیشتەجێ‌بوون و** حەوانەوەو دیارە خواردنو خواردنەوەو نوستنیش **دێتو زۆر** باویشە لە کوردیدا شوێنەوارو هاوینە هەوارو . . هتد

(ف . ق) توندو تۆڵی ، کارامەیی (هەڵەیە) 13 – accuracy (n.)

(ق . ط) احکام . اتقان .

وابزانم (اتقان) (شارەزایی‌و وردی‌و کارامەیی)ش هەردەگرێتەوە ئەوی ڕاستی‌بێ ئینگلیزی – عەرەبی یەکە کە لە (المورد)ی وەرگرتووە بە ناتەواوی و درشتی وەری گرتووە چونکە (اتقان)ی هەر تێدانی‌یەو تەنها نووسراوە (١) ضبط (مج) ، صحة (٢) دقة ، ئەبوایە بۆ هەموو ووشەیەك بگەڕاینایەتەوە بۆ فەرهەنگێکی (ئینگلیزی – ئینگلیزی) و ساغمان کردایەتەوەو پشتمان بەو نەبەستایە ، بەڵام ئاخۆ ئەو کارە بەو ماوەیە ئەکرا ؟ ! هەر بەو پێ‌یەش زاراوەی (15) **ڕاستە ، ئەو (یدرك)ە بە مانای دەیگاتێ یان پێ‌ی دەگات دێت نەك هەست پێ‌کردن .** 16 – achieve

(ف . ق) باسی دەکات (هەڵەیە) 17 – acknowledge

(ق . ط) یعبر عن شکرە ، ینوە

کەواتە کوردی‌یەکەی لە (٪١٠٠) هەڵەیە ، چونکی لێرە بە مانای (سوپاسی دەکات ، منەتباری دەردەبڕێت) . خۆ شوکور مامۆستا ئینگلیزی زانەکان هەر نەبێ یەك دوو لاپەڕەی چل پەنجا کتێبێکی ئینگلیزی‌یان دیوە ، کە لێ‌ی نوسراوە (acknowledgment) ئاخۆ دەبێ لە بیریان چووبێتەوە (ئەوە سوپاسو منەتباری دەربڕینە بۆ ئەوانەی یارمەتی نوسەرانی کتابەکانیان داوە یان دەبێ ئەوە بەشتی دی تێ‌گەیشتبن ؟ ئەی ئەگەر وانی‌یە بۆ ئەو (باسی دەکا) بە یان لە تەك وشەکەی تر داناوە . دەبێ هەڵەی دەستنوس نەبێت ؟ !

جارێ لێرەدا ئەگەر سەرنجی لاپەڕە (14) فەرهەنگی قوتابی بدەین ئەبینین بەم جۆرەیە :

acknowledge باسی دەکات . سوپاسی خۆی دەردەبڕێت

دان بە چاكە دا نان ، سوپاس acknowledgment

ئەو (باسی دەكات)ەی وا مامۆستای ئاڵۆز كردووەو (بەو جۆرە) ! لە گەڵ (مامۆستا ئینگلیزی زانەكان)ی لیژنەكە ئەدوێ ، لە جیاتی (نوە) هاتووە كە لە (المنجد) دا بەم جۆرە باسی دەكات . . نوە تنويها الشيْ : رفع ذكره / مدحه وعظمه / يقال «نوهت بالحديث» أي أشدت به واظهرته / نوه باسمه : دعاه . . ، كەواتە (باسی دەكات) یان (بە چاكە باسی دەكات) یان (بە باشە لێی دەدوی) هیچیان ئەو هەڵە زەقەنین . . !

18 – adhere (vi) (هەڵەیە) (ف . ق) دەست بە رداری نابێت
(ق . ط) يتمسك بـ ، يلصق

فەرهەنگی خاڵ جزمی دووەم دەڵێ : (دەست بەرداربوون دەست هەڵگرتن لە كارێك كەواتە (دەست بەرداری نابێت : دەست هەڵناگرێت)[٤] جاتوخوا (يتمسك بـ) و مانا ئینگلیزی‌یەكە وادەڵێن ، باپێكەوە بڕۆنینە فەرهەنگی (websters oxford) بزانین چ مانامان دەدەنێ : (١) پشتی دەگرێت ، دەچێتەپاڵی دڵسۆزی بۆ دەنوێنێت (٢) پێكەوە دەنووسێت ، پێكەوە – دەلكێت (٣) خۆ دەبەستێتەوە بە ، لێی دەرناچێت ، پێوە دەگیرسێتەوە) . هەر ئەوەندە مانایەم لەو ووشەیە دەستگیر كردو چ وشەی (دەست بەرداری نابێت) خۆی لە مێشكم هەڵنەكڕاند .

لە فەرهەنگی قوتابی‌دا وانووسراوە :

adhere دەست بە رداری نابێ ، پێوەی دەلكێت
adherence چوونە پاڵ ، لایەنگرتن

بە داخەوە وادیارە كاك ئازاد (وەك ئێمە ئینگلیزی یەكەمان تەواوی‌یە) ئەو (كوردی‌یەكەی تەواوی‌یە) ئەگینا سەرنجێكی ئەوریزە زاراوەیەی خۆی نووسیونی لە گەڵ (دەست بەرداری - نابێت)ە كەی لەمەر ئێمە هەمان مانا ئەبەخشن‌و هیوادارم باش سەرنجی بدات‌و لەمەودوا (دەست بەرداری نابێت) یش خوی لە مێشكی هەڵكڕێنێت .

١٩ ، ٢٠ باخوێنەر بڕیاری خۆی بدات‌و نازانم بۆچی ئەبێ (بەردڵكەوتوو ) ەكەی ئەو ووشەی كوردەواری وخۆماڵی‌و رەسەن‌بێ‌و (پەسەندیدە) كەی فەرهەنگەكە دزێوو داتاشراوو نارەسەن‌بێ ؟ ! !

21 – admiralty (n.) (هەڵەیە) (ف . ق) دەریاگە ، دەریایی
(ق . ط) ديوان البحرية ، البحرية

هەردوو مانا كوردی‌یەكەی هەڵەن ، چونكی دەریاگە نەبیستراوە لە كوردی (دەریاچە) هەیە بەڵام دەریاگەو بۆ مانای (ديوان البحرية) كت و مت وەك بەریشۆڵە بڵێی چۆڵەكە . برایان (ديوان البحرية) بە مانای (فەرمانگەی دەریاوانی) دێت ، ئەو فەرمانگەیە ئیشی سازكردن‌و رێكخستنی ئیشی دەریاوانی‌یە ، خۆ (دەریایی) یش هەر هەڵەیە ، چونكە دەریایی واتا (بحري) بەڵام (البحرية) واتا (دەریاوانی) راستە . (مەڵبەندی دەریاوانی) یان (فەرمانگەی دەریاوانی) و دەریاوانی راست‌ترن .

22 – ado (n.) (ف . ق . ) زۆر جوولان‌و بایەخ‌پێدان
(ق . ط) كثرة حركة واهتمام .

چوار ووشە بۆ یەك ووشەی ئینگلیزی دانراوە . هەر قەی‌ناكا بەڵام خۆزیا ماناداربوان ، لەوەش من سووچی كوردی‌یەكەی ناگرم چونكی (د . خليل الحماش) ئەو ووشەیەی شێواندووە لە قاموسی المورد ئەو مانایانەی نوسیوە (لغط ، ضجة ، اهتياج) . . كوردی یەكەی بەبێ ماندوبوون بەو مانایانە دێ (هەراوهوریا ، گێلەوێژە)[٥] .

وابزانم گوناهەكە زۆربەی لە ئەستۆی (ئینگلیزی – عەرەبی) یەكەدا یە و بەو پێ‌یە (ژاوە ، هەرا) دەگرێتەوە .

23 – aeronautical (adj.)
(ف . ق . ) فڕینەمەنی ، پەیوەندی بە فڕینەوە هەیە .
(ق . ط) طيراني ، متعلق بالطيران .

ئەوەی زۆر سەیرە كە پاشگری (مەنی) بە ووشەی فڕینەوە بەستراوە . كەواتە ئەگەر فڕینەمەنی هەبێ و راست بێت دەبێ

هەستەمەنی و بەردەمەنی و دەریامەنی و ڕۆژەمەنی و کارەبامەنی و یەك ملیۆن (مەنی) تر بدەینە زمانی کوردی و بەو حاڵە زمانی کوردی دەوڵەمەندبکەین . ئای لەو هەڵە زەقە ! داخ لە بێ دەسەڵاتی زمانی کوردی کەوا زەبوون کراوە ! برایان پاشگری مەنی پتر بۆ شتی (خواردەنی) بە کاردێت وەك (خواردەمەنی ، ساردەمەنی ، شیرینەمەنی ، . . .) نەك بۆ فڕین و فیزیاویات و کیمیاویات ، بەڵام دیارە لێرە هەر مەسەلە لە کۆڵ – خۆ کردنەوەی وشەی (طیرانی) عەرەبی بوەو ئینجا گوتابی تێ دەگات یان ناگات کەیفی خۆیەتی .

ڕاستیەکەی من ووشەی (فڕیاری) پڕ بە پێستی وشەی (طیرانی) دەزانم و هەزار قات لە فڕینەمەنی ڕاسترو خۆشترە چونکە لە وشەی کوردی (کڕیاری – فرۆشیاری – دزیار –) مان هەیە کە بە مانای (دەست دان بۆ ئەو ئیشانە یان ئاکاری ئەو ئیشانەیان پێوە دیارە) کەواتە مادام (فڕیاری) یش (ئاکاری فڕین)ی پێوەیەو لە (–مەنی) دوورەو لەسەر زمانان ساناترەو ڕاست و بەرجەستەترە مامۆستاگیان ، (فڕیار) واتە (طیار) و بەو پێیە (فڕیاری) وەرگێڕانی (طیاری) یە نەك (طیرانی) ، (طیران) فڕینەو (طیرانی) فڕینی یان فڕینیاری ئەگرێتەوە ، ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە مامۆستاگیان ڕەنگە بە داخەوە بە هەڵە چووبیت دەربارەی پاشگری (–مەنی) و مەرج نی یە هەر بۆ شتی (خواردەنی) بەکاربێت . . . ، بۆ نموونە : تەقەمەنی ، سووتەمەنی ، چاپەمەنی ، رازێنەمەنی (مواد وادوات التجمیل) ، ویستەمەنی وخواستەمەنی و . . هتد ، هیچیان شتی (خواردەنی) نین و بەکاریش هاتوون و دێن . بۆ نموونە بڕوانە کتێبی (ڕێزمانی کوردی – بەرگی یەکەم – مۆرفۆلۆژی – د . ئەورەحمانی حاجی مارف – لاپەڕە/١٢٥)

(ف . ق) ژمارەیەکی لەبار (هەڵەیە) a few – 24

(ق . ط) عدد لا بأس بە .

هەم کوردی و هەم عارەبی یەکەی هەڵەیە چونکە (a few) واتە (کەمێك ، هەندێك) بە گوێرەی عارەبی و کوردی یەکە بێ دەبێ ژمارەی لەبارو نالەبار هەبێ و ئەمەش لە خۆیەوە دۆزینەوەیەکی نوێ یە لە ماتماتیکی زمانەوانیدا .

هەرچەندە لە شوێنی خۆیدا بەکار دەهێنرێت بەڵام کەمێك هەندێك ، چەند دانەیەك گونجاوترە .

(ف . ق) لایەن (هەڵەیە) affair (n.) – 25

(ق . ط) شأن . قضیة

کوردی یەکەی هەڵەیە ، ئەم ووشەیە بە مانای (کاروبار ، مەسەلە ، کێشە) دێت و خۆ مامۆستا وهبی و ئەدمۆنزیش بەرامبەر (کاروبار) ئەو ووشەیان پەسند کردووە .

لە (المورد) دا وادەڵێت : affair

(١) (pl) شؤون تجاریة او مهنیة او عامة (٢) مسألة ، أمر ، شأن . . الخ

وابزانم لەگەڵ کاروبارو مەسەلە و کێشەکەدا (لایەن) و (بارە) ش گونجاوبن و هەڵە نەبن .

هەر بەو پێیەش زاراوەی : affilation – 26

(ق . ط) انتساب ، انتماء

کوردی یەکەی هەڵەیە چونکی نە لە ئینگلیزی و نە لە عارەبی مانای (لایەنگرتن) دەدات ، ڕاستی یەکەی بە مانای (چوونە پاڵ) دێت .

لە فەرهەنگی قوتابیدا نووسراوە affilate

دەچێتە پاڵ ، لایەنگری دەکات لایەنگرتن affilation

ئێمەش هەروامان ووتووەو (چوونە پاڵ) یشی بخرێتە سەر باشتر دەبێت ، لە (المورد) یشدا بەم جۆرە باسی دەکات :

(١) أ / یضم الی ، یدمج ، ب/یتبنی ولداً affilate

ج / ینتسب کعضو

(٢) أ / یتتبع أصل شیٔ (٣) ینضم او ینتسب الی

(ف . ق) پێشگرێکە دەلکێت بە ووشەوە (هەڵەیە) – 27 affix (n.)

(ف . ط) اضافة اولیة تلحق بالکلمة

هەم عەرەبی و هەم کوردی یەکەی هەڵەن ، چونکی affix لە

ئینگلیزیدا بە مانای هەم (پێشگرو هەم پاشگر) دێت . .
راستە ، لە (المورد) یشدا دەڵێت : بادئة او لاحقة (تزاد علی کلمة) .

(ف . ق) ترسنۆك (هەڵەیە) (.28 – afraid (adj

(ق . ط) خائف

راستە ، (ترساو)ە نەك (ترسنۆك)

(ف . ق) هەمیشە تەمەن درێژ (هەڵەیە) agelong – 29 (.adj)

(ق . ط) دائم طوال العمر

راستە ، (هەمیشەیی) راستە

لە کۆتاییدا ئەڵێت : خوێنەری بەڕێز : قوتابیانی ئازیز ، مامۆستایانی پایە بەرز زۆرم حەز دەکرد هەر هەموو هەڵەکانی ئەو فەرهەنگەم یەکە یەکە روون بکردایەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی وەکو گوتم نزیکەی دوو هەزار هەڵەی تیایەو دەبێ بە کتێبێکی گەورە ، ئەوەم نەکرد ، هەستام تەنها هەڵەکانی بەشێکی پیتی (A) بە تایبەت (ئەو ٢٩) هەڵەیەی دەست نیشانم کردون (هی سێ لاپەرەی ١٣–١٤–١٥ ی فەرهەنگەکەن) وەکو لە پێشەکیدا گوتم تەنها ئەو پیتەی (A) ١١٠ هەڵەی پتر تیایەو نە من ماوەم هەیە یەکە یەکە بە دوورو درێژی رونیان کەمەوە لەو دەرفەتەداو نە هیچ گۆڤارێکیش ئامادەیە (دوو هەزار هەڵە) بە یەك جار لە ژمارەیەك بڵاو بکاتەوە بۆیە لە کورتیدا بڕیمەوە .

دوا ووشەم ئەوەیەو پێشی لە سەر دادەگرم ئەو فەرهەنگە کارێکی مەزن دەبوو ئەگەر ئەو هەڵانەی تیا نەکەوتباو پەلەی لێ نەکراباو بدرایا بە چەند مامۆستایەکی پسپۆڕ لە زمانی ئینگلیزی . بەڵام بەو حاڵەی ئێستای زیانو قازانجی بەرامبەرنو ئامۆژگاری قوتابییانیش دەکەم تالەراستی ووشەکانی ئەو فەرهەنگە بە تەواوی دڵنیانەبن ، بە کاری نەهێنن ، ئەگەر بە کاریشیان برد لە یەکێکی ئینگلیزی زان بپرسن ئاخۆ ووشەکان تەواون یان نەء . منیش لە کۆتاییدا ئەڵێمو داوا لە کاك ئازاد ئەکەم کە چمکی دڵسۆزی لێ بکا بەلاداو دەست لە دەستو هێزو توانا لە خواو ئەو نەتەوە کلۆڵەو وەك ئەرکێکی نەتەوەیی گرنگی ئەستۆی لەبەرەوە (هەر دوو هەزار پتر هەڵەکە) بخاتە بەرچاوی خوێنەرو رۆشنبیرانی کورد ، تاکو جێ دەستی دیاربێ لە بژارو تەتەڵەو راستکردنەوەی ئەو فەرهەنگەو گەشەکردنو خەملاندنیدا ، بۆ ئەوەی وای لێ بێت «رووی مەجلیسی هەبێ» و پێویست نەبێ بۆ بەکارهێنانی هەر ووشەیەك پرس بە مامۆستایەکی پسپۆڕی ئینگلیزی زان بکرێتو بە هیوام چاوێك بەو ووشانەیدا بخشێنێتەوە کە بەو پەڕی توورەیی‌و بێزاری‌یەوە نووسیونی‌و ئەڵێت . . «دوا ووشەم ئەوەیە پێشی لەسەر دادەگرم ئەو . . .» ، رەنگە پێویست بەو لە خۆ قایلیو (پێ‌داگرتنە) نەکات !! ، داواشی لێ ئەکەم لەمەودواش بەو هەستو سۆزەوە لە سەر پیاچوونەوەو رەخنەی بەسوود لێگرتنی فەرهەنگ‌و بڵاوکراوەکانی تریش بڕواتو بەو پەڕی راستی‌یەوە بیخاتە بەرچاو بەڵام رەنگە راستتر وابێ وەك لایەنی کەم‌و کوڕی‌و ناتەواوی وهەر بەرهەمێك ئەخاتە ڕوو لایەنە چاکەکانیشی فەرامۆش نەکات ، بە هیوام کەمێك هێمنانەتر بنووسێتو وانەزانێ هەرکەسێك کارێکی راپەڕاندو بەرهەمێکی نووسی‌و بڵاوکردەوە مەبەستی هەر ناوو دەستکەوتی تایبەتی‌و پلەو پایەیەو دڵنیابێ لەوەی خەڵکی دڵسۆزو لە خۆ بوردووی تریش هەنو هەڵەو کەم‌و کوڕی ئەو بەرهەمانە هەریەکە رەنگە هۆیەکی تایبەتی خۆی هەبێ . . ! دووبارە رێزو سوپاسێکی کۆتایی نەهاتووی کاك ئازاد کە ئەم بوارەی هێنایە کایەوەو ئاشکراشە ئەوەی ئیش بکات هەڵە – ئەکاتو تەواوی و هەڵە نەکردن بۆ مرۆڤ نی‌یە . .

**سەرەتای ئابی / ١٩٨٧**

پەراوێزەکان :

(١) مامۆستا قادر فەرەج رەشان .

(٢) مامۆستا علاء الدین سجادي (نەناسانندن)ی بەکارهێناوە .

(٣) بارێکی تایبەتی‌یە لە تاکۆتابارى ئاڵاسانی

(٤) ئەبێ بڵێت : دەستی لێ هەڵئەگرێت .

(٥) ئەوی راستی بێ زۆر فەرهەنگ گەڕام ، گێلەوێژەم بەرچاو نەکەوت . ئاخۆ وشەیەکی تازە نەبێ ؟